# ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال

ماوەیەک بوو، کەریم (خوێندکارێکی تەمەن ٢١ سالانی خەلکی دوبز)، ئاگاداری جموجوڵی نائاسایی هێزەکانی سوپا بوو لە دەرەوەی شارۆچکەکەیان - لە نێریک خالی بەیەکگەیشتنی ڕێگە سەرەکییەکەی کەرکووک - مووسل. دانیشتووانی دوبز، ئۆتۆبوس و شاحنەیان دیبوو لەلای کەرکووکەوە دەهاتن و لە پێگەسەربازییەکەی دوبز دا کۆدەبوونەوە. پێگە سەربازییەکە، بەرواڵەت قوتابخانەیەکی سەربازیی بوو، کە هێزەکانی کۆماندۆیان تێدا ڕادەهێنا. خەلکەکە، هەروەها ئۆتۆبوسی ڕەنگ سەوزی تایبەت بە پۆلیسیان دیبوو، کە لە پێگەکەوە، بە یاوەریی لەگەڵ چەکداری بەرگ سەوزی زەیتوونی ڕەنگەوە چوونەدەرەوە. دووکاندارە خۆجێییەکان،گرووپی شەش و حەوت کەسیی لە ژنە دیلەکانیان دەدیت، کە بۆ شتکڕین، لە پێگەی دوبزەوە، گارد و چەکدارەکان دەیانهێنان بۆ لای دووکاندارەکان.

ئەم ژنانە لەگەڵ منداڵەکانیان، لە نێوەڕاستی مانگی ئەپریل بەدواوە، بە ژمارەی زۆر لە تۆپزاواوە دەیانهێنان بۆ دوبز. ئەندامانی بنەماڵەکان بە سێ بەش و دەستە دابەشدەکران:

١- پیر و پەککەوتە و بە تەمەنەکان دەبران بۆ بەندیخانەی "ئۆگرە سەلمان".

٢- لاوەکان و پیاوەکان بە تەواوەتیی ڕووتدەکرانەوە، چاو و قۆڵبەستدەکران و، بۆ شوێنی نادیار دەبران.

٣- ژن و کچ و منداڵەکانیشیان پێکەوە دەگواستەوە.

یەکێک لە پاسەوانەکان بە تازەهاتوویەکی ڕاگەیاندبوو، حەوت هەزار ژن و منداڵ لە دوبز کۆکراونەتەوە. هێندێ لە منداڵەکان کە لەکاتی ڕاگوێزانیان، سەربازەکان بەزۆرەملی، لە نێو دەست و باوەشی دایک و باوکەکانیان دەرهێنابوون، لێرە یەکیان گرتەوە...

ژنان ئازارێکی زۆریان دەچەشت، بەوەی کە نەیاندەزانی چی بەسەر مێرد و برا و منداڵەکانیان هاتووە. پاش تێپەڕبوونی باروودۆخە دژوار و سەختەکەی، تۆپزاوا، لێرە لە دوبز، تارادەیەک، هەستیان بە حەوانەوە دەکرد. لەسەر کۆنکرێتە پیس و چڵکنەکە، جێگە هەبوو بۆ نووستن. بەهەر حەوت دیل، پەتوو (بەتانی) یەکیان دابووێیان. پاسەوانەکان، زۆریان لە منداڵەکان دەکرد بۆ خاوێنکردنەوە و گەسکلێدانی ژوور و هۆڵەکان و ئاودەستەکان. کوڕێکی تەمەن ١٤ ساڵ، کە ماوەی پێنج مانگ لە دوبز ژیابوو، گوتی: "خەڵکانی ئەمن و ئیستخبارات و حیزبی بەعس پاسەوانییان دەکردین. دەهاتن و بێ هیچ هۆیەک، دەکەوتنەلێدانی دیلەکان. جارێکیان دەستی منیان بەستەوە و، چەندین جار لێیاندام. سێ بەکرێگیراوی ئەمن، بە دار، لە پشت و لاقیان دەدام. بۆ ڕۆژێکی تەواو لە بەیانییەوە تاکو شەو، بێ هیچ هۆیەک دووجار بەچاوی بەستراو، بێ خواردن، لەنێو ئەو ژوورەی تێیدا دەنووستم، دایاننام. نەمدەتوانی بپرسم بۆچی؟ زۆر ئەستەم بوو کەسێ بوێرێ و بپرسێ لێیان، بۆچی وادەکەن؟!

**ئەو منداڵە چواردە سالانەیە، ڕزگاری بوو، بەلام بەدەیان و بە سەتانی وەک ئەو تێداچوون. لە ئۆردووگای ژن و منداڵەدیلەکاندا، سەرەتا، منداڵ مردن کەم بوو، بەلام لەگەڵ هاتنی گەرمای هاوین، ژمارەی مردن زیادی کرد. ئامینە، خەڵکی گوندی ''ئاکۆیان''، لە نێو ئۆردووگادا، منداڵێکی کچی بوو، بەلام لەماوەی دوو مانگدا نەخۆش کەوت و مرد. پێنج منداڵی دیکەی خەڵکی گوندی ''بلێ'' ش مردن. ''نەبات'' کە دایکێکی تەمەن ٢٨ ساڵ بوو، سەرەتا کچە تەمەن ٣ ساڵییەکەی بەنێوی ''شارۆ''، مرد، مانگێ دواتر، سەرەهاتە سەر کوڕە تەمەن ٢ ساڵییەکەی کە ناوی ''دیار'' بوو. نەبات گێڕایەوە گوتی: ''ئەو دوو منداڵەم لەترسا مردن، تۆقیبوون، تووشی سکچوون و ڕشانەوە هاتن، نەخۆش کەوتن و مردن.**

"ماویەتی"

دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان

تاکە ڕێگەی ڕزگاربوونی کوردە، لە جینۆساید و ماڵوێرانی و کۆیلەتی